# کۆچی دوایی بەهرەمەندی گەورەی کورد، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس



ناوی تەواوی  عەبدولکەریمی کوڕی محەمەد کوری فەتاح کوڕی سلیمان کوڕی مستەفا کوڕی محمد لە هۆزی قازی یە لە گوندی تەکیە کە نزیکە لە مەرکەزی ناحیەی خورماڵ لەساڵی ١٣٢٣–ه. ١٩٠١ ز لەدایك بووە.* لەساڵی ١٣٧١ه چووەتە سلێمانی و لە مزگەوتی حاجی خان بووەتە مامۆستا ولەساڵی ١٣٧٤ه   چووەتە کەرکوك، زیاتر لە ٥٠ زانا لەسەر دەستی ئیجازەیان وەرگرتوە. ماوەیەکی زۆر لە مزگەوتی شێخ عبدالقادری گەیلانی لە بەغدا تا کۆتایی ژیانی موفتی ئەو شارەبووە و فتوای بۆ موسڵمانان دەرکردوە. چەندین کتێب و بەرهەمی زانستی لە دوای خۆی جێهێشتوە، کە ئێستا زۆربەیان لە زانکۆ و پەیمانگا و ناوەندە زانستییە ئاینییەکاندا دەخوێندرێن. کە هەندێك لەوانە:

- رسالە الایمان والاسلام، یادیمەردان، بارانی ڕەحمەت، دیوانەکانی مەولەوی‌و مەحوی‌و فەقێ قادری هەمەوەندی،
- ئیقبالنامە
- کتاب الوجیە
- جواهر الفتاوی
- تەفسیری نامی
- نوری ئیسلام
- علماؤنا فی خدمە العلم والدین

کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەبدول کەریم مودەریس گەلی کورد زانایێکی پایەبەرزو عارفێکی خواویستی لەدەستدا . مامۆستا شانازی دەکرد کەیەکێك بووە لە قوتابی حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان وموریدی شێخانی تەریقەت هەر بۆیەتا وەفاتکردنی لەوپێناوەدا خزمەتی کردووە. چەندین زاناو مامۆستا لەسەر دەستی ئەودا زانستیان تەواو کردووە وەکو مامۆستا شێخ عەبدول وەهابی نیکسەجاری و مامۆستا شێخ خالیدی موفتی و دەیان وسەدان مامۆستای تریش .سەبارەت بەنازناوی مەلاکەریمی بیارە بۆماوەیەکی زۆری چەندساڵی بەردەوام دەبێتەمودەریسی خانەقای بیارە بۆیە ئەونازناوە وەردەگرێ. ماوەیەکیش دەچێتەوە سلێمانی ودواتر لەتەکیەی تاڵەبانی لەکەرکووك ئینجا لەبەغدا جێگیر بوو. جێگای سەرنجە مەرحوم یەکەم کەس بوو خوتبەی کردە کوردی لە کوردستان و لەو پێناوەشدا ریسالەیەکی دانا کەمامۆستاو مەلاکان لەناوچەکانی بیارە دەیانخوێندەوە. ئەوەش لەورۆژگارەدا جێگای سەرسورمان بوو کەخوتبە بکرێتە کوردی. لە هەژدە ساڵیدا بووە لە گوندی نیکسەجاڕ یەکەم کتێبی داناوەکە دوو شەرحی سەمەدیەی (٢٥٠ )لاپەرەیەو هێشتا چاپ نەکراوە. نەك هەر ئەوە بەڵکو پتر لە (٧٣) کتێبی هەیە لەبوارو زانستە جوداکان. هەروەها تەفسیری قورئانی پیرۆزی هەیە بەناوی (تەفسیری نامی ) وبەزمانی عەرەبیش هەیەتی بەناوی (مواهب الرحمن). لەبواری شیعرو ئەدەبدا مامۆستای مەرحوم خزمەتی زۆری بە کتێبخانەی کوردی کردووە، دیوانە بەنرخەکانی مەولەوی ونالی ومەحوی وخانای قوبادی وزۆری تریش بەڵگەی ئەوراستیەن. ( ٨٠ ) ساڵ لەمەوبەر شەرحی رسالە عەقیدەی مرزیەی مەولەوی بووە کەبەکوردی خوێندوویانە ئەویش یەکێکی ترە



لەخزمەتەکانی مەرحووم. مامۆستا نەك تەنیا بۆ زانایانی کوردستان بەڵکو مەرجەعی هەموو زانایانی عێراق بوو، تەنانەت (وسیلە فی شرح الفضیلە)ی کەمامۆستا لەشەرحی فەزیلەی مەولەویە لەساڵی (١٩٧٢)ەوە لەزانکۆی ئەزهەری میسر دەخوێندرێ ولەزۆرولاٚتی تریشدا کراوەتە مەنهەجی دەرس. شایانی باسە نەك تەنیا مامۆستایانی بواری ئاین بەڵکو پسپۆرانی بواری یاساو ئەدیبو رۆشنبیرانیش لەچەندین دیمانەو لێدواندا خۆیان بە قەرزداری مامۆستا مەلا عەبدول کەریم مودەریس دەزانن. ماوەتەوە بلێین هەروەکو قوتابی وموریدەکانی دەگێرنەوە مامۆستا تا وەفاتی کرد بە پەرەمووچ نوسینی دەکرد.